خودا ڕوخسەتی دا بە پێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم- وڕوخسەتی بە ئێوە نەدا، بۆ ماوەیەک لە ڕۆژدا ڕوخسەتم پێدرا، وحورمەت وپیرۆزیەکەی گەڕایەوە لە ئەمڕۆدا هەروەکو حورمەت وپیرۆزی بوونی لە دوێنێدا، با ئەو کەسانەی ئامادەن؛ بیگەیەنن بە ئەو کەسانەی ئامادە نین

لە ئەبی شورەیح خوەیلیدی کوڕی عەمروی خوزاعی عەدەویەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتی بە عەمروی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەبی وەقاس -لەکاتێکدا (عەمرو) سەربازی دەنارد بەرەو مەککە- : مۆڵەتم پێبدە ئەی ئەمیر کە وتەیەکت پێ بڵێم کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی لە ڕۆژی دواتری ڕزگارکردنی (فەتحی) مەککەدا؛ بە گوێیەکانم بیستم، ودڵم بە جوانی لێی تێگەیشت، وچاوەکانم ئەوی بینی کاتێک قسەی دەکرد، حەمد وسوپاسی خودای کرد وستایشی کرد، وپاشان فەرمووی: «خوای گەورە مەککەی بە پیرۆز وبە حورمەت داناوە (واتا: هەندێک کردەوەی دیاریکراو تێیاندە حەرامە بکرێن کە لە شوێنی تردا ئاساییە ئەنجامبدرێن)، وخەڵکی ئەم حورمەت وپیرۆزیەیان بۆی دانەناوە، بۆیە حەڵاڵ نییە بۆ کەسێک کە باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەبێت: خوێنی تێدا بڕێژێت، ونابێت هیچ دارێکی تێدا ببڕێتەوە، ئەگەر کەسێک وبستی ڕوخسەت بۆ خۆی وەربگرێت بەهۆی ئەوەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- جەنگی تێدا بەرپاکرد، بڵێن: خودا ڕوخسەتی دا بە پێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم- وڕوخسەتی بە ئێوە نەدا، بۆ ماوەیەک لە ڕۆژدا ڕوخسەتم پێدرا، وحورمەت وپیرۆزیەکەی گەڕایەوە لە ئەمڕۆدا هەروەکو حورمەت وپیرۆزی بوونی لە دوێنێدا، با ئەو کەسانەی ئامادەن؛ بیگەیەنن بە ئەو کەسانەی ئامادە نین». بە ئەبی شورەیح ووترا: (عەمروی کوڕی سەعید) چی بە تۆ ووت؟ ئەویش (ئەبی شورەیح) ووتی: پێمی ووت: من لە تۆ باشتر ئەوە دەزانم ئەی ئەبو شورەیح، مەککە پەنای کەسی تاوانکەر وبکوژی هەڵهاتوو وخیانەتکەر (دز وفێڵباز) نادات.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێک عەمرو کوڕی سەعیدی کوڕی عاس ناسراو بە (ئەشدەق: الأشدق) وێستی سوپایەک ئامادە بکات بۆ ئەوەی بەرەو مەککە بچێت، لەو کاتەدا ئەمیر بوو لە ژێر فەرمانڕەوایی یەزیدی کوڕی موعایە لە شاری مەدینە، ئەمیش بۆئەوەی بجەنگێت بەرامبەر عبداللەی کوڕی زوبەیر -ڕەزای خوایان لێبێت-، ئەبو شورەیح خوەیلیدی کوڕی عەمروی خوزاعی -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای بۆئەوەی ئامۆژگاری بکات، چونکە ئەو کەسەی ئامۆژگاری دەکرێت هەندێک لە نەفسی خۆیدا خۆی بەگەورە دەزانی بۆیە ئەبو شورەیح نەرم ونیان بوو لە گفتۆگردن لەگەڵیدا، ئەمیش بۆئەوەی ئامۆژگاریەکە وەربگرێت وسەرەنجامی حاڵی باش بێت، بۆیە ڕوخسەتی لێی وەرگرت بۆئەوەی ئامۆژگاریەکی بکات سەبارەت بەو سوپایەی کە دەیەوێت بینێرێت بەرەو مەککە، وپێی ووت کە ئەو دڵنیایە سەبارەت بە ڕاستی ودروستی ئەم فەرموودەیە چونکە بە گوێیەکانی خۆی گوێی لێبووە وبە چاوەکانی بینیوویەتی کاتێک کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی وبە جوانی لێی تێگەیشتووە، ئەبو شورەیح ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی دواتری ڕزگارکردنی (فەتحی) مەککەدا؛ حەمد وسوپاسی خودای کرد وستایشی کرد، وپاشان فەرمووی: (خوای گەورە مەککەی بە پیرۆز وبە حورمەت داناوە -واتا: هەندێک کردەوەی دیاریکراو تێیاندە حەرامە بکرێن کە لە شوێنی تردا ئاساییە ئەنجامبدرێن-): لەو کاتەی خودا ئاسمانەکان وزەوی دروستکرد مەککە بەردەوام شوێنێکی پیرۆز وبە حورمەت ومەزن بووە، وحورمەت بۆ ئەم شوێنە پیرۆزە لە لایەن خەڵیکەوە بپاریزی لەسەر نەدراوە هەروەکو حەرامبوونی شوێنی تایبەت وەکو سەرچاوەکانی ئاو خواردن ولەوەڕگا وشوێنی تایبەتی تر، بەڵکو خودا بپاریزی لەسەر حورمەتی داوە بۆئەوەی ئەم حەرامکردنە زۆر بە مەزن دابنرێت، ئەگەر حەرامکردنەکە خودا بپاریزی لەسەر دابێت ولە مێژەوە هەبوو بێت بۆیە دروست نییە بۆ کەسێک باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەبێت -

ئەگەر بیەوێت پارێزگاری لە ئیمانەکەی بکات- نابێت خوێنی تێدا بڕێژێت، ونابێت هیچ دارێکی تێدا ببڕێتەوە، وئەگەر کەسێک ویستی ڕوخسەت بۆ خۆی وەربگرێت بەهۆی ئەوەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- جەنگی تێدا بەرپاکرد، بڵێن: تۆ وەکو پێغەمبەری خودا نیت -صلى الله عليه وسلم-، خودا ڕوخسەتی دا بە پێغەمبەرەکەی وڕوخسەتی بە تۆ نەداوە، وجەنگ بەرپاکردنی تێدا حەڵاڵ نەکراوە بەڵکو تەنها بۆ ماوەیەک لە ڕۆژدا بوو بە پێی پێویست، وحورمەت وپیرۆزیەکەی گەڕایەوە لە ئەمڕۆدا هەروەکو حورمەت وپیرۆزی بوونی لە دوێنێدا، با ئەو کەسانەی ئامادەن؛ بیگەیەنن بە ئەو کەسانەی ئامادە نین. ئەبو شورەیح ووتی: بۆیە بە تۆم ڕاگەیاند ئەی ئەمیر، چونکە ئامادەی ئەو وتارەی پێغەمبەری خودا بووم -صلى الله عليه وسلم-، خەڵکی ووتیان بە ئەبو شورەیح: (عەمروی کوڕی سەعید) چی بە تۆ ووت؟ ئەویش (ئەبی شورەیح) ووتی: پێمی ووت: (من لە تۆ باشتر ئەوە دەزانم ئەی ئەبو شورەیح، مەککە پەنای کەسی تاوانکەر وبکوژی هەڵهاتوو وخیانەتکەر -دز وفێڵباز- نادات): عەمرو کوڕی سەعید بە ڕای خۆی پێچەوانەی ئەم فەرموودەیە ڕەفتاری کرد، وسوپاکەی نارد بۆ جەنگان دژی ئیبن زوبەیر.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4491